# ببارێ... ئەی ژن

عەلی نارێنی

1

ببارێ بەسەرما ئەی ژن
وەك باران
وەك خەیاڵ
وەك شیعر
ببارێ وهەرچی بەفری تەنیاییمە بیتوێنەوە
هەرچی شووشەی چاوەڕوانیم هەیە بیانشكێنە
هەرچی پەڕەی ڕۆژژمێری گەورەبوونم هەیە
پەڕە پەڕە بیاندڕێنە
ببارێ وپڕم كە لە نیانی
من هەمیشە باوەشم ئاوەڵایە
هەر كاتێ دێی
ببارێ وكۆشم پڕ بكە لە جوانی

2

ببارێ بەسەرما ئەی ژن
من خەریكە سروتەكانی عیشقم بیردەچن
شەلاڵم كە لە خۆت ئەی ژن ...شەلاڵ
من خەریكە ڕێتمەكانی ڕاموسان و...
نەخشەكانی ئاوێزان بوونم لێتێكدەچن
بێ تۆ
هەموو جوانییەكانم شێواون و..
گەواڵەی سەبوریشم
تەنها بە شنەی نیگای چاوەكانی تۆ دەبارێ و..
هەناسەكانی سینەشم لە عیشقەوە هەڵدەفڕن و...
بۆ لایماڵی عیشق دەچن

3

ئەی ژن

ئەی ناسکترین سروشت

بباریٚ و

بمبەرەوە ئەوەڵێن یادگاری لاوێتیم

تۆ لە بۆنی نانی گەرمی ئێواران دەچی و..

منیش ڕێبوارێکی ماندوو

توێشووی سەفەرم پیٚ نییەو..

تەمەنیش خەیاڵێکی درێژەو پڕ ئازار

بباریٚ و مشتیٚ میهری خۆتم بەریٚ

تا دەگەمە  سێبەری شیعرێکی دیکەو دەنووسم

ژن ژیانەو..

ژن توێشووەو، ژن مەراقیشەو... ئارەزوو

4

بباریٚ بە سەرما ئەی ژن

تەمەنم یادگارییەکی درێژەو..

پڕە لە بۆڵەی پیاوێتیم

تەنهاییم دوورگەیەکی بیٚ سروەیەو..

نەخشەیەکی ئاوەلاٚ

برینم مانگێکی گوڵڕەنگەو هەمیشە

بە سەر شانی شیعرمەوە راکشاوە

تۆ کە لە بۆنی بەیانیان و..

دەنگی بارانی ئاران ئەچی

بباریٚ

هەمیشە میلی تەمەنم

بەرەو چاوەکانی تۆ دەخولێنەوەو..

هەمیشە شکۆفەی شیعریشم

لە ژێر سایەقەی چاوەکانی تۆدا پشکووتون

5

ئەی ژن
هەڵبکەو لە ئاسمانی شیعرم بدە
دڵنیابە زۆر بە جوانی بازنەی تەنهاییم ژەنیوەو..
هەموو شتێك وەکو خۆی دەناسمەوە
نیگای تینوو،
تەقەی دەرگا،
رەهێڵەی سۆز،
پروشەی خەم و..
رنووی بەفری گەورەبوونیش
بباریٚ ئەی ژن
هێندە پڕم لە چاوەڕوانی کە هەڵتکرد
پێش ئەوەی داببارێ
بۆنی گەواڵە وبلاٚچەت دەکەم
پێش ئەوەی لە دەرگاش بدەی
هەست بە تەقەی پەنجەکانی دەستت دەکەم

6

ئەی ژن
ئەی گوناهترین فریشتە
تۆ بباریٚ وبا منیش
جارێکی تر لە دایك ببمەوە
تۆ بباریٚ وبمسپێرە دەستی ژیان
ئەگەر هاتی پێم بڵیٚ
با زەمەنت بۆ راگرم و..
شەوت بۆ بکەمە چراخان
من ماڵی دڵمت دەدەمیٚ و..
تۆش باوەشتم بۆ بکە ماڵ ونیشتمان
کە گەیشتی سلاٚوبکەو وەژوورکەوە
عادەتی کوردانە ئەمە
تۆ خانەخویٚ بەو..
منیش میوان